Gontenburg Committee of komala party – Iranian Kurdistan
19-02-2007

**راپۆرتی بیست وهشتمین ساڵیادی ڕێزگرتن له ڕۆژی کۆمهڵه له شاری یوتوبۆری( وڵاتی سوئید)**

ڕۆژی 17 02 2007 رێ و رهسمێکی شکۆدار بۆ ڕێزگرتن له 26 ی ڕێبهندان ساڵرۆژی دهست پێکردنی ههڵسووڕانی ئاشکرای کۆمهڵه و به بشداریی سهدان کهس له کوردهکانی یوتوبۆری و دهورو بهر، ئهحزابی سیاسی کوردستانی ، ئهحزابی ئیرانی و سۆئیدی ، کۆرو کۆمهڵه کوردیهکان و کهسایتی سیاسی و ناسراوی کوردستانی،بنهماڵهی سهربهرزی گیانبختکردوانی کۆمهڵه و شۆرشی کوردستان بهرێوهچوو. سهرهتای رێ و ڕهسمهکه به دهقێقهیک بێ دهنگی بۆ ڕێزگرتن له یادی بهرزی هاورێی گیانبهختکردو کاک حهمهحسهینی کهریمی و سهرجهم گیانبهتکردوانی ریزهکانی کۆمهڵه و ریبازی ئازادی و عهداڵهتی کۆمهڵایهتی و بزوتنهوهی رزگاریخوازانهی خهڵکی کوردستان دهستی پێکرد . پاشان وتاری کۆمیتهی ناوهندی کۆمهڵه، له لایهن هاورێ هێرش عهلیزاده، بهرپرسی کۆمیتهی مهڵبهندی سکاندیناویی کۆمهڵه ،پێشکهش کرا.
هاورێ هێرش عهلیزاده له قسه و باسهکهیدا ئاماژهی بهوه کرد که کۆماری ئیسلامیی ئێران گهورهترین قهیرانی نێونهتهەیی و ناخۆیی و ئاڵۆزترین وهزعی ئابووریی به توش سهرجهم خهڵکی ئێرانهوه کردوه. سیاسهتی ئهتۆمیی رژیم،سادر کردنی تێرۆریزم و ئاژاوهگێری و ههڵخراندنی شهڕی ئائینی له جیهاندا و ههر وهها کێشهی ناوخۆی دهسهڵاتدارانی ئێران بهشێکی دیکه بوو له تهوهرهی باسهکهی.له بهشی دوایی وتارهکهدا تیشک خرایه سهر تێکۆشان و زهرورهتی پێکهاتنی بهرهیکی بهرفراوانی کوردستانیی وههر وهها خهبات و تێکوشان له کۆنگرهی فیدراڵی نهتهوهبندهستهکانیی ئێران و زهرورهت و ههوڵ و تیکۆشان بۆپێکهاتنی بهرهیهکی دیموکراسیخوازی له ناو ئوپۆزیسیونی سهراسهریی ئێراندا .
پاشان پهیامی حیزب و ڕێکخراوه سیاسیهکان،کۆروکۆمهڵه کوردی و ئێرانیهکان و کۆمیتهی هێزه سیاسیه کوردوکوردستانیهکان له یوتوبۆری خوێندرایهوه . بهشی دوههمی بهرنامهکه، بهرنامهی هونهریی بوو که به هاوکاریی چهند هونهرمهندی دهست رهنگین و دهنگخۆشی گهلهکهمان و به پێشوازیی و بهشداریی ئامادهبووان، له کهش و ههوایهکی پڕ له شادیی و خۆشیی دا و به باشترین شێوهی مومکین، رازایهوه .

**ژمارهیهک لهو حیزب و ڕێکخراوانهی که لهم بۆنهیهدا بهشدار بوون برییتی بوون له :**
1-یهکیهتی نیشتمانی کوردستان ( کهرتی رێکخستنی یوتوبۆری )
2- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ( کومیتهی یوتوبۆری)
3- پارتی دیموکراتی کوردستان ( رێکخراوی یوتوبۆری )
4- حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق ( ریکخراوی یوتوبۆری )
5- حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران ( کومیتهی یوتوبۆری )
6-پارتی سوسیالیستی کوردستان له تورکیه ( یوتوبۆری )
7- پارتی یهکیتی دیموکراتی کورد له سوریه ( یوتوبوری )
8- کونگرهی فیدراڵی نهتهوهبندهستهکانی ئێران ( یوتوبۆری )
9-سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت ) یوتوبۆری
10- جامعه دفاع از حقوق بشر در ایران ( یوتوبۆری )
11- سازمانی لاوانی حیزبی چهپی سوێد ( شاخهی یوتوبۆری )
12-کۆمهڵهی ژنانی کورد له یوتوبۆری ، کۆمهڵهی سوسیالدیموکراتی کوردی سوید ،کۆمهڵهی مافی ژنی کورد و مافی مرۆڤ.رادیو کوردیهکان.

**کۆمیتهی کۆمڵه له شآری یوتۆبۆری .. کۆمهڵهی شۆرشگێری زهحمهتکێشانی کوردستانی ئیران**
**Tel: 0704905812 .. adress : Box : 101 post nr 424 23 Angered Göteborg**
**Post giro: 384 045 -1 .. mail: komala.gbg@gmail.com**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version [www.pdffactory.com](http://www.pdffactory.com)




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com